**بیرەوەرییەکان و داوەریی فوتباڵ**

ئەوکات لە بۆکان داوەرمان بە شێوەی فەرمی و کلاس دیدە و دەورە دیدە نەبوو. کاتی کێبەرکێ لە لایەن مەرحوومی ئەحمەد سامبەگی یان کاک مەحموود حیسامی یەوە داوەری بەڕێوە دەچوو. جار و باریش لە شارەکانی وەک سەقز و میاندواو و مەهاباد ەوە دەهاتن بۆ داوەری کردن. لە سەقزەوە بەڕێزان میهرپەیما، کۆنەپووش، و لە مێاندواو فوولاد و لە مەهابادەوە ئاغای عەزیزی و خالق قوبادی، دەهاتن. دوای چەند ساڵیک واتە ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی لە لایەن ئیدارەی تەربیەت بەدەنی ئوستانەوە دەورەی داوەری فوتباڵ لە شارێ ورمێ دانرا. لە بۆکانەوە لە دەورەی یەکەم، خالید مەردانبەگی و خالید نەزەری و جەعفەر حاجی غەفووری بەشدار بوون. لەو کاتەوە، داوەری یارییەکان زۆر باشتر بوون. لە دەورەی دوهەمیشدا ئەم ئازیزانە بەشدار بوون: عەلی دهبەندی، کەماڵ نەزەری، فەرامەرز مەلك پوور، عوسمان تووتنچی. پاش ئەم دەورە و کلاسانە بە تەواوی کاری داوەریی لە یاریی فوتباڵ بەرەو باشی ڕۆیشت و وای لێ هاتبوو کە لە شارەکانی ترەوە داوایان لێ دەکرا کە لە یارییە فەرمییەکاندا داوەری بکەن.



وێنەی چەپ: کێبەرکێی بۆکان لەگەڵ هەمەدان، عوسمان ئیلخانی زادە کاپێتانی بۆکان و کاپیتانی هەمەدان، داوەرەکان لە چەپەوە: مەحمەد نەعلبەندی، کەماڵ نەزەری، فەرامەرز مەلك پوور

وێنەی ڕاست لە لای ڕاستەوە: ئەمجەد مەردانبەگی (کاپیتانی پەرسپولیس)، حەمە نەعلبەندی، نەناسراو، فەرامەرز مەلک پوور، برایم رەحیمی(کاپیتان تەعاوەن و روستایی)

**خالید مەردانبەگی:** ساڵی ١٣٣٣ هەتاوی لە شارە خنجیلانەکەی حەسەن زیرەک لە دایک بووم. هەر لە منداڵییەوە خۆلیای یاری فوتباڵ بووم و لە ساڵی ١٣٤٥ ی هەتاوی لەگەڵ تیمەکانی زەرین و حەسەن زیرەک دەستەم بە فوتباڵ کرد. پاشان هەلبژێردرام بۆ تیمی لاوان و تیمی ئاموزشگاکانی بۆکان. لە ساڵی ١٣٤٨ ی هەتاوی دا چوومە ناو تیمی پاس سەر بە شارەوانی و هاوکات لەگەڵ تیمی مونتەخەبی بۆکانێش تا ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی بەردەوام بووم.




تیمی پاس لە راستەوە: ساڵە شێرمەحمەدی، خالید قوڕەیشی، برایم موقتەدەری، محەمەد ناسری، جەمشید عەلیار، قادر مەعرووفی، مەحمەد نەعلبەندی، دانیشتوان لەچەپەوە: خالید مەردانبەگی، برایم زەرین، مەرحووم عەلی قادری، مەحمەد فەرەجی، هاشم چابۆک



خالید مەردان بەگی و مەرحوومی عەلی قادری

له ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی له لایەن تەربیەت بەدنی بۆکانەوە ناردرام بۆ کلاسی داوەری دەرەجەی سێ و پاش وەرگرتنی بەڵگەی داوەری  تا ساڵی ١٣٧٥ له یاریەکان داوەریم دەکرد. له ١٣٧٥ ی هەتاوی دا هەوڵم دا بۆ وەرگرتنی دەرەجەی میللی داوەری فوتباڵ که به خۆشیەوە وەرگیرام و بەڵگەی قەبووڵیم وەرگرت و تا ساڵی ١٣٨٢ ی هەتاوی له مەیدانه جۆراوجۆرەکانی ئێران دا داوەریم کردوە. ئێستاش خانەنشینی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش ی بۆکانم و له پەناوە به عینوانی نازر و نوێنەری هەیئەتی فوتباڵی ئوستان ئێش و هاوکاری دەکەم.



شارێ سەردەشت کاتی کێبەرکێ




ئاموزشی کومیتەی داوەران له شاری بۆکان


فدراسیون فوتبال جمهوری اسلامی ایران
هیئت فوتبال استان آذربایجان غربی

گواهینامه دوره توجیهی مدیریت فوتبال
(طرح ایران ویژن)

بدینوسیله گواهی می نماید آقای/خانم خالد مردان بیگی در دوره توجیهی مدیریت فوتبال
که در تاریخ های ۲۶ و ۲۷ آذرماه ۱۳۸۸ در شهرستان ارومیه زیر نظر مدرس اعزامی از فدراسیون
برگزار گردید بصورت موثر و فعال حضور داشته اند.

هوشنگ نصیرزاده
مدرس کنفدراسیون آسیا

عزیز حافظی
رئیس هیئت فوتبال استان آذربایجان غربی



داوەری کاك خاڵید مەردان بەگی لە شاری ورمێ





خالید مەردان بەگی، فەرامەرز مەلکپوور، کەماڵ کۆچەری،  مەیدانی ئەبووزەر کاتی قسە کەردن بۆ وەرزشوانان



کێبەرکێی میاندواو لەگەڵ بۆکان



کەماڵ نەزەری، خالید مەردانبەگی، عوسمان توتنچی



داوەران لە چەپەوە: نەناسراو، خالید مەردان بەگی، برایم مەردان بەگی



وێنەیەکی کۆن: راوەستاو لە چەپەوە: قەرەنی ئیلخانیزادە، برایم وەلیزادە، برایم زەرین، برایم موقتەدری،ساڵە شیرمەحمەدی، عوسمان عەزیزی، دانیشتوان لە راستەوە: مەنسور رەنجبەردوست، عومەر بەسری، خالید قۆرەیشی، عوسمان کاوەیی، رەحمان ئەبازەری، خالید مەردان بەگی



له راسته‌وه: کاپێتانی ورمێ، عوسمان توتنچی، محه‌مه‌د نعلبه‌ندی، سمایل سوڵتانی، خالید مه‌ردان به‌گی



خالید مه‌ردان به‌گی له مه‌یدانی بۆکان،     وێنه‌گر : فه‌رامه‌رز مه‌لک پوور

**بیرەوەرییەکانی حەسەن عەبباس زادە لەسەر یاری فوتباڵ**

حەسەن عەبباس زادە : لە ساڵی 1345 ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە دایك بووم. هەر لە منداڵییەوە خۆلیای یاریکردن بە تۆپ بووم. لە راستیدا یاریکردن بە تۆپی پلاستیکی تەنیا سەرقاڵی ئەو کاتی مناڵان بوو کە لە باری ماڵییەوە زۆر هەرزان بوو و بۆمان فەراهەم دەکرا.

زۆربەی کاتی دوای قوتابخانە م بە یاریکردن لەگەڵ مناڵانی گەڕەکی مزگەوتی جامیع دەگوزەراند کە بریتی بوون لە : حەبیب زادەکان، ئیسماعیل زادەکان، غوڵامعلییەکان و ... هەروەها مناڵانی نەناسی کووچەکانیتری ئەم شارە.

بە چوونی برا گەورەکەم "حوسێن عەبباس زادە" بۆ ناو تیمی هەڵبژێردراوی فوتباڵی بۆکان، هێندەی دیکەش بۆ یاری فوتباڵ هاندرام و ئەوە بووە هۆی چوونی من بۆ فوتباڵ لە کووچەوە بەرەو مەیدانە وەرزشییەکان و فێربوونی یارییەکە لە رەدەیەکی باڵاتر. هەر ئەو بارودۆخە بووە هۆی ئەویکە لە قوتابخانەی راهنمایی هۆگری زیاتر بۆ یاری فوتباڵ لەخۆم نیشان بدەم و هەڵبژێردرێم بۆ تیمەکانی ناو قوتابخانە و لە نەهایەتدا کرانەوەی رێگا بۆ بەشداریکردن لە کێبەرکێ کاندا.

لە ساڵی 1356 ی هەتاوی چوومە ناو تیمی لاوانی شاری بۆکان و ساڵی 1357 بۆ ناو تیمی هەڵبژاردراو (مونتەخەب)ی بۆکان. تا ساڵی 1369 لەگەڵ تیمی شاری بۆکان مامەوە و هاوکات لە ساڵی 59 و 60 ەوە هەتا ساڵی 1369 ئەندامی تیمی "استقلال"ی بۆکانیش بووم. لە دووساڵ دەورەی سەربازیمدا (ساڵی 1362 تا 1364) لەگەڵ تیمی استقلالی "بهبهان" یاریم کرد.

شیرینترین بیرەوەرییەکانم ئەوانەن:

- کاتێك زەوی یارییەکەمان لە خۆڵە و بوو بە چیمەن!
- کاتێك لەگەڵ تیمی "ملوان"ی بەندەر ئەنزەلی کێبەرکێمان کرد.( 5 بە 1 بۆ ملوان)
- باشترین دەورە دەورەی راهێنەری ئاغای "فزلعلی" بوو کە بە بڕوای من فوتباڵی بۆکان لە ئەوپەڕی باشیی خۆی دا بوو.
- باشترین یاریی من کێبەرکێی دۆستانە لەگەڵ تیمی قوروە بوو. من بەهۆی کار تەنیا تایمی دووهەم یاریم کرد. تیمی قوروە 3 گۆڵ لەپێش بوو. لە تایمی دووهەمدا سێ گۆڵم لە تیمی قوروە دا!

بە سپاسەوە     حەسەن عەبباس زادە